# ئەستێرەکانی گومان

سەرهەنگ خامۆش

من ئەستێرەکانی گومانم
لە چاوەکانی تۆ دەژمارد
دڵم بوو بوو بە کۆیلەیەك
کڕنۆشم بۆ نزاکانی
عەشق دەبرد ..
من بە ئەفسونەکانت
دەستخەڕۆ بووم
تریسکە ئاسمانی حەزەکانم
خستە ژێر هەوری جوانیت
کەچی تۆ ڕۆحی عەشقێکت
ئاگر باران کرد ..
ئەی خائینتر
لە نوکی خەنجەرەکانی زەمەن
دڕندەتر
لە ئەشکەنجەکانی حەللاج
تۆ گیانی عەشقێکت
لە سێدارەدا ..
نۆبەرەی تەمەنی
دڵی **شـــــاعیـــر** ێـکـت کوشت .. !
هاتی هەروەك
ئەستێرەیەکی کاروان کوژە
سەرت بە ژووری
تاریکم دا گرت
هێشتا مابوو
بە تریسکەی جوانیت
شاد بم ..
کەچی لە پڕ جێت هێشتم و
لە ئاسمانی خۆشەویستی
تۆ جوانی خۆت .. هەراج کرد .. !